# هەموان براوە دەبن کاتێک تۆ ڕیسایکڵ دەکەیت!

### هەرکاتێک کە پاکەتێک یان ڕۆژنامەیەک بۆ ڕیسایکڵ کردنەوە فڕێ دەدەیت، شتێکی گەورە ڕوودەدات.

ئەم قەباغە کۆنە دەکرێ بکرێتە لەوحەیەکی کانزا بۆ لاشەی ئۆتۆمبێل. پاکەتی پاککەرەوەی بەتاڵ، بۆ نمونە، دەبێتە کارتۆنێکی نوێی پیتزا. ڕۆژنامەی دوێنێ دەبێتە هی سبەینێ.
ماددە خاوەکانی سرووشت دووبارە بەکار دەهێنرێنەوە و وزەیەکی زۆر پاشەکەوت دەکرێت. بەم شێوەیە ئێمە هەموومان دەتوانین یارمەتیدەر بین بۆ ئەوەی جیهانێکی باشتر بۆ تێدا ژیان دروست بکەین.

### ڕیسایکڵ کردنەوە

پاشماوەی خۆراک وەک زیندە گاز و زیندە پەیین دووبارەسازی دەکرێتەوە، و پاشماوەی ماوە دەبێتە کارەبا و گەرمی. هەموو زەرف و ڕۆژنامەکان کۆدەکرێنەوە و بۆ ڕیسایکڵ کردنەوە دەنێردرێن تا بکرێنە زەرف و بەرهەمی نوێ. زەرفی پلاستیکی دەبێتە ماددەی خاو بۆ نموونە، زەرفی هەڵگرتن و تەنەکەی جیاکردنەوە. شووشە و زەرفی کاغەز بەگشتی دووبارە دەکرێنەوە زەرفی پێچانەوە. قوتووی کانزایی دەکرێ ببنە کەپی ویل و ڕۆژنامەی خوێندراوە دەکرێ ببنە کاغەزی چێشتخانە یان ڕۆژنامەی نوێ.

### ژووری ژینگەیی و بنکەکانی ڕیسایکڵ کردنەوە

پاشماوەی خۆراک و پاشەڕۆی ماوەی بێمەترسی لە تەنەکی تایبەتدا لەو شوێنەی کە تۆ لێی دەژیت هەڵدەگیرێن، بۆ نموونە لە ژوورەکانی ڕیسایکلکردنەوە. ئەگەر تۆ ناتوانی زەرف یان ڕۆژنامەکان لەو شوێنە جێ بهێڵیت کە تێیدا دەژیت، ئەوا پێویستە بۆ بنکەیەکی ڕیسایکڵکردنەوەی کراوەی ببەیت. ئەمانە لەخۆگرن هەر جۆرە پێچانەوەیەک: پلاستیک، کاغەز، کانزا و شوشە، زۆرجار ڕۆژنامەش.
زەرفی گەورە کە لەو تەنەکانەدا جێگایان نابێتەوە کە تۆ تێیدا دەژیت دەکرێ لە بنکەی ڕیسایکڵ کردنەوە یان ناوەندەکانی ڕیسایکڵکردنەوە جێ بهێڵرێن.

### زانیاریی زیاتر

لە www.sopor.nu تۆ دەتوانیت نزیکتری بنکەی ڕیسایکڵکردنەوە بدۆزیتەوە و بزانی کە کەی بەتاڵ دەکرێن و پاک دەکرێنەوە. تۆ دەتوانی لێرە ڕێنماییەکانی جیاکردنەوە، ڤیدیۆکان لەبارەی ڕیسایکڵکردنەوە، زانیاری و ئامۆژگارییەکان لەسەر جیاکردنەوە سەرچاوە بدۆزیتەوە.

ئەگەر پرسیارت لەبارەی پاشماوە و ڕیسایکڵکردنەوە هەبوو، ئەوا دەتوانیت پەیوەندی بە شارەوانیی خۆتەوە بکەیت. ئەوان دەتوانن وڵامی پرسیارەکانیشت لەبارەی پاشماوەی قەبە، پەیینی ئەندامی، پاشەڕۆی کارەبایی و پاشەڕۆی تر.

amaq ANEBY MILJÖ & VATTEN AB
EKSJÖ ENERGI
NÄSSJÖ AFFÄRSVERK
sopor.nu Sveriges avfallsportal

# زیاتر جیا بکەوە!

**بۆ ئەوەی ئەوەندەی بکرێت ڕیسایکڵ بکەین، ئێمە پێویستمان بە یارمەتی تۆ هەیە.**

- پاشەڕۆ جیاوازەکان تێکەڵ مەکە.
- پاشماوەی خۆراک پێویستە تەنها بخرێتە ناو زەرفی تایبەتەوە کە بۆ ئەو مەبەستە پێت دەدرێت.
- پاشەڕۆی ماوەی بێمەترسی پێویستە بخرێتە ناو زەرفێکەوە کە بەباشی گری دەدرێت.
- پاکەت و قوتووەکان پێویستە بەتەواوی بەتاڵ بکرێن و بەشێوەی گونجاو وشک بن. ئەگەر تۆ پاکەتێک لابوو کە لە چەندین ماددە دروست دەکرێت، ئەوا بەپێی ئەو ماددەیە جیای بکەوە کە پێت وایە کێشی لە هەمووان زیاترە.

### پاشماوەی خۆراک

✓ توێکڵ و لەتکی میوە و سەوزە، کیسەی چا، وردەی قاوە، توێکڵی هێلکە، ئێسقانی گۆشت و هاوشێوەکانی. کلێنسێکی بچووکیش بۆ ئەمە زۆر بەکەڵکە.

✗ پلاستیک، توتن، جگەرە، گوڵ و مۆم پاشەڕۆی خۆراک نین.

### زەرفی پلاستیکی

✓ بتڵ، قوتوو، زەرفی پلاستیکی، پاکەتی پڕکردنەوە، بۆڕی پلاستیکی، زەرفی جیپس و پۆلیستاریرین. قەپاخ و سەرە دارینەکان لێبکەوە.

زەرفە پلاستیکییەکانت لەناو تەنەکەکە بەتاڵ بکە تاکو جیا ببێتەوە. ئەمە دواتر ئاسانکاری بۆ پرۆسەی ڕیسایکڵکردنەوە دەکات.

✗ ئەو بەرمە پلاستیکیانە کە بۆ شت هەڵگرتن بەکار نایەن ئەوا وەک پاشماوەی قەبە یان پاشماوەی ماڵەوە جێناهێڵرێن، بۆ نموونە مۆبیلیات و لەیستۆکەکان. بتڵە گەڕاوەکان دەبرێنەوە بۆ فرۆشگا لەبەرامبەر سپاردەیەک.

### قوتووی کانزایی

✓ قوتووی تەنەکە، قوتووی پرژێنەری بەتاڵ، بۆڕی، قەپاغ، سەرە قوتوو و قوتووی بۆیاغی بەتاڵ. سەرە قوتووی تیژ پێویستە بۆ ناو قوتووەکە بچەمێنرێتەوە.

✗ ئەو قوتووانەی کە پاشماوەی بۆیە و چەسپی تێدایە وەک پاشماوەی مەترسیدار دادەنرێن. پارچەی کانزا، پارچەی بۆڕیکاری، تاوەی سوورکردنەوە و بەرهەمەکانی تر کە بۆ شت تێکردن بەکار نایەن وەک پاشماوەی قەبە و ناوماڵ دادەنرێن. قوتووە گەڕاوەکان بۆ فرۆشگا دەبردرێنەوە لەبەرامبەر سپاردەیەک.

### زەرفی کاغەزی

✓ کارتۆنی پاستا، شیر و شەربەت، زەرفی کاغەز، کارتۆنی پێڵاو، کلێنسی سەرئاو و کارتۆنی مقەبای چیندار. پانیان بکە و لوولیان بدە. پێچەرەوە بچووکەکان بخە ناو گەورەکان بۆ ئەوەی جێگات بۆ بگەڕێتەوە.

✗ زەرفی نامە دەخرێتە ناو پاشماوەی ناوماڵ یان پاشماوەی شیاوی سووتان. ڕۆژنامە، نامیلکە و هاوشێوەکانی دەخرێنە تەنەکەی گۆڤارەکان.

### ڕۆژنامەکان

✓ ڕۆژنامەی ڕۆژانە و هەفتانە، گۆڤار، کەتەلۆگ، نامیلکە، بڕۆشەر، کتێبی گیرفان و پەڕی نووسین/وێنەکێشان. زەرفە پلاستیکی و چەسپی سەر لەزگەکان لێبکەوە.

✗ زەرفی نامە و بەرگی ڕەقی کتێب دەخرێنە ناو پاشماوەی ناوماڵ و پاشماوەی شیاوی سووتان. زەرفی کاغەزی، کارتۆن و هاوشێوەکان دەخرێنە ناو تەنەکەیەک بۆ زەرفی کاغەز.

### قوتووی شووشەی بێڕەنگ

✓ بتڵ و قوتووە شووشەی ڕەنگدار و شووشەی بێڕەنگ. قەباغ و سەرە دارینەکەیان لێکەوە و بەپێی ماددەی پەیوەندیدار جیایا بکەوە. قوتووە شووشەی ڕەنگدار و بێڕەنگ لە تەنەکەی دروستی خۆی دابنێ.

✗ بتڵە گەڕاوەکان دەبرێنەوە بۆ فرۆشگا لەبەرامبەر سپاردەیەک. پۆڕسلەین، سیڕامیک و بەرهەمەکانی تر کە بۆ شت تێکردن بەکار ناهێنرێن، وەک پاشماوەی قەبە یان پاشماوەی ناوماڵ دادەنرێن. گڵۆپ و بۆڕی فلۆری بەگشتی لە ناوەندی ڕیسایکڵکردنەوەی شارەوانی کە کارمەندی هەیە جێدەهێڵرێن.

### پاشەڕۆی ماوەی بێمەترسی

✓ حەفازە، زەرفی نامە، پەڕۆی قاپ، تووتن، فڵچەی ددان و قژی فڵچەی قژ.

✗ هیچ شتێک لەوانەی کە ڕیسایکڵ دەکرێنەوە نابێت بخرێنە ناو زبڵدانی ئاساییەوە!
پاشماوەی مەترسیدار و کارەبایی نابێت ئەویش بخرێتە ناو زەرفی زبڵدانەوە، بەڵکو دەبێت لە ناوەندی ڕیسایکڵکردنەوە جێبهێڵیرێت.

## سوپاس!

sopor.nu
Sveriges avfallsportal
NÄSSJÖ AFFÄRSVERK
EKSJÖ ENERGI
amaq
ANEBY MILJÖ & VATTEN AB